# ڕۆشنگەریی و پارادۆکسەکانی چەمکی لەسێدارەدان لەهەڵوێستی (تاڵەبانی)دا

سیروان بابەعەلی



(کانت) دەڵێت: {بیر لە زۆرشت دەکەمەوە، کە بە دروستیان دەزانم و ناتوانم بیانڵێم... بەڵام هەرگیز شتێك ناڵێم کە بەدروستی نەزانم!}.
وارسکەی مرۆڤویستیی (هیومانیزم) لە ئەوروپا؛ زیاد لەهەر چاخێك قەرزداری دوو گوژمەی مێژوویی ئاراستەکردنی ژیارو ئاوەزاندنی پانتاییەکانی بیرکردنەوەو بڕیاردانی مرۆڤە... کە چاخی (ژیانەوە - ڕێنایسانس) گرنگترین و بنەڕەتییەو ((لەنووسینێکی دی دا بەشداری باسکردنی دەبم))... وە (ڕۆشنگەری- ڕێکۆنایسانس) کە کاریگەرترینەو، لێرەدا بەمەبەستی لەمەحەکدانی هەڵوێستێکی (تاڵەبانی- گەورە ڕامیاری کورد) باسێکی کورتی دەکەم...
ڕۆشنگەریی؛ قۆناخی پەڕینەوەی هزرو سایکۆلۆژیایە، لە باوەڕگیریی(دۆگما)و، گریمانەی بەرزەفتە نادیارەکان و، خود بەکەم و کەمینە زانی مرۆڤ... بەرەو ئاوزان و، ئەرزشبەخۆدان و، دژی تاکسالاریی(مۆنارکیی) و، دەسەڵاتی گشتگری دێر و، قۆرخکردنە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان...
لە ڕابەرانی ڕۆشنگەریی؛ لە ئینگلتەرا (فرنسیس بیکۆن "باکۆن" 1561 -1626) و (تۆماس هۆبز 1588-1679) و (جۆن لۆك 1632 -1704)... لە فەرەنسا (فرانچۆیس ڤۆلتاریی"ڤۆلتێر" 1694 -1778) و (جان جاك ڕوسۆ 1712-1778) و (دێنیز دیتریۆت 1713 -1784) و (چارلس مۆنتسکویو 1689 -1755)... لە ئەلمانیا (گۆتهۆلد لێسینگ 1729-1781) و (ئیمانوێل کانت 1724 -1804) و (فریدریك ڤۆلف 1759-1824)
ڕۆشنگەریی لەئەوروپا، پاشخان(باگراوند)ێکی ڕۆشنبیریی "ئاکاریی- هزرزانیی" فرەڕەهەندو بەربڵاو بزواندی... کە لەئاراستەی دووردا بووە ڕووگەی گۆڕین و پاکژکردنەوەی مۆرالی "تاك" و پەیوەندییە بەژەنگ ئالوودەکانی مرۆڤ بە مرۆڤ... ئەوکاتەی ئاوەزاندن(ڕاسیۆنالایز)ی چەمکە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییان لەسەر سایکۆلۆژیای "تاك" ی کۆمەڵگاکانی ئەوروپاو دیدگا ژیارییەکانی دانا، واتە کە دیالێکتیکی کۆی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی بەرەو ئاقارێکی تەندروست و ئاوەزمەند بەرهەڤ کرد... لە ڕەهەندی ئەو پرۆسەیەی هزردا، مرۆی ئەوروپی گەیاندە مۆراڵێك کە هەرئەوەندەی باوەڕی بە "نوێ" یەك هێنا، کۆڕپەخۆ لەهەناویدا ببێتە جێگرەوەو... هیچ بوارێك بۆ پەڕگریی(تطرف)ی هەستەکان نەهێڵێتەوە... وە تێزو ئایدیا نوێیەکان بەردەوام نۆژەن و دەمەزەردی پەیوەندییە "ماتریال - سۆسیۆلۆژییەکان" بکەنەوەو... ئاوەزی مرۆڤ ببێتە پاڵنەر(مۆتیڤ)و بڕیاردەری سەرەکی هەڵوێستی تاك(ئیندیڤیدیوم)و لەکۆی گشتییدا هەڵوێستی سەرجەم کۆمەڵگاو گەشەسەندنی... دواجار ئەو ئاکارە بەرهەمهاتووە بووە خەسڵەتی هەڵویستی تاك لەپانتایی "ڕۆشنبیریی جەماوەریی" کۆمەڵگا بۆرژوازییەکان... وە خەسڵەتی هەڵوێستی کۆی کۆمەڵگا لەپانتایی "ڕۆشنبیریی گەلیی" کۆمەڵگا سۆسیالیستییەکان سەرەڕای دەسەڵاتە گشتگر(تۆتالیتار)ەکانیان... وە بە ئاستێکی زەقتر لەنێو توێژی کردەنەخواز(پاسیڤیست)ی نێو هەردوو پێڕۆ(سیستم)ەکە.
هەر (کانت) دەڵێت: {ئەوەندە ئازایەتیت هەبێت، کە ئاوەزت بەڕێوەت ببات!}... لەڕاستییدا دواتر دەتوانین فراژۆی ئەو مۆراڵە مرۆڤویستە بەرەو جوانبوونی مرۆڤ، بە فەلسەفەی (جوانیی پەیوەست

(the dependent beauty) ی (کانت) پێناسە بکەینەوە کە جوانی مرۆڤ پەیوەستدەکات بە کۆمەڵێك جوانیی بەدەستهاتوو نەك خۆزا... ((کە ڕاڤەی ئەوەیش نووسینی تایبەتی پێدەوێت))...
وەلێ، تەنانەت سەردەمانێك پێش تێزو پرەنسیپە پراکتیزەبووەکانی (کانت)یش، لەواری فەرهەنگییدا هەر لەسەدەی هەژدە، بزووتنەوەی داکۆکی مرۆڤ لەبیروڕای "خود" لەئاستی تاکدا گەشەی کردبوو بۆ مۆرالی داکۆکی لە بیروڕای "تاکی بەرامبەر"... بۆیە جێی سەرسوڕمان نییە لەکاتی سووتاندنی پەڕتووکەکانی (ڕۆسۆ Rousseau) لەلایەن دەسەڵات و دێر(کەنیسە)، نەیارێکی هزریی خۆی کە (ڤۆلتێر Voltarie)ە، سەرەڕای ناچونیەکیی و ناکۆکیی تێزو لێکدانەوە فەلسەفییەکانیان بۆ کۆمەڵگا، هێشتا ئامادەدەبێت لەپێناوی هەر ووشەیەکی تابۆکراوی "ڕۆسۆ" خۆی بەکوشتبدات... وە دروستە بۆ ساتەکانی پرۆسێسی دوور بەڵام نەوەستاوی خەملێنی ئەو مۆراڵە لەکارەکتەری تاکی (خۆرئاوا-ئۆکسیدێنت) بڵێین؛ کە تاکی ڕۆژئاوا چەندە لە دژواریی ئەو ململانێیەی ئاوەز لەبەرامبەر سایکۆلۆژیای خودی خۆی تێدەگەیشت... ئەوەندەیش ڕەهەندی یەکلاییکردنەوەی ئەو ململانێیەی بۆ بەرژەوەندی ئاوەزو لەبەرژەوەندی مروڤ بەهەند وەردەگرت... ئێستا بۆکەسێکی ڕۆژئاوایی زۆر ئاساییە؛ کە ئەگەر ئەمڕۆیش "کەسێك- پارتێك- بزووتنەوەیەك" بەنوێنەری خواستەکانی بزانێت، سبەینێ ئەودەنگەی لێوەربگرێتەوەو ڕسوای بکات و بیداتە "کەسێك- پارتێك- بزووتنەوەیەك" ی دی... وە دواجار هەر ئەو ئاکارە دانەیەکە لە خەسڵەتە زێدە گرنگەکانی نێو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی سیستمی دیمۆکراسی، کە لەکۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکاندا لەسۆنگەی ئامادەنەبوونی ئەو پاشخانە ئاوەزییە، وە لەکاتی هاوردن (Import) ی دیمۆکراسی، سیستەمی گەوجو گۆجو ناقۆڵای ڕامیاریی وەك لەمەڕ ئێمەی لێدەکەویتەوە ((دیارە لێرەدا قسەمان لەسەر مەرجە "سۆسیۆ-ئەنترۆپۆ" کانی تری گەشەی کۆمەڵگا بۆ دیمۆکراسیبوون نییە)).
بەڕای من گەورەترین ئاستەنگ و دژەن(پارادۆکس)ی پانتایی ڕۆشنبیریی ئێمە، لەو بۆشایی(دیستانز)ە بیابانییەی، نێوان هزرزانیی(ئەپستمۆلۆژیا)ی، ڕووناکبیرانی کۆمەڵگاو... چۆڵیی هزرو دیدگای دەسەڵاتداران لە "بەئاوەز بڕیاردان" دایە... کەتەنها فەرمانڕەواکان جڵەوی توانستەکانی گۆڕینی کۆمەڵگایان لەمشتەو پانتایی گۆڕانیان پاوانکردووە... هەربۆیە هەڵەیەکی هزرزانییە کە زۆرکەس خەوشەکانی دەسەڵات لە (بێمۆرالیی) دەسەڵاتدا دەبینن... لەکاتێکدا بەمۆرالکردنی پەتیی، پەتایەکی کوژەری ئاوەزی کۆمەڵگایەو... هەرچی [بەشکۆ گەیاندنی سەرکردە- ستایشی کوێرانە- ملکەچیی بێمەرج- خۆبەکوشتدان- پیرۆزاندنی کوژراوە براکوژەکان بۆ هەڵپەی زیاتر بەکوشتدان] دەرەنجامی پابەندیی ڕووتی مۆرال و دوورکەوتنەوەن لە ئاوەزمەندبوون!... وە سامناکییەکە لەوەدایە؛ کە لە کۆمەڵگاکانی (ڕۆژهەڵات- ئۆرێنت)، وەك ڕۆژئاوا مۆرالی کارلەسەرکراو بەئاوەزی تەندروست چێ نەبووە... تەنانەت ئامادەبوونی خودی ئاوەزی تەندروست نیشانەی پرسیاری لەسەرە!
من لەو ڕوانگەیەوە دەمەوێت هەڵوەستەیەك لەسەر پرسی (لەسێدارەدان) بکەم؛
دەسەڵاتی لەسێدارەدان تەنها وێنای هەژموونی فیزیکی مرۆڤ بەسەر مرۆڤەوە نییە بۆ لەناوبردن... بەڵکو پارادۆکسی دیدگای مرۆڤێکی "هەبوو"ە، بەرامبەر مانای "هەبوون"ی هاوتوخمەکەی لە پانتایی کۆمەڵایەتییدا... لەناوبردنی هەبوویەکی هاوشێوەی خود، پەسنێکی بۆماوەیی سەردەمی بەر لە ئاوەزمەندیی مرۆڤە، کە مرۆڤ وەك هەر گیانلەبەرێك لەپێناوی مانەوەدا دەبوو لەخۆیبگرێت... بەسروشتی و ساکارزانیی لەناوبردنی "مرۆڤ بۆ مرۆڤ" لەگەڵ گەشەی هۆشمەندیی و پێگەیینی شارستانییەتەکان کاڵدەبێتەوەو... لە ڕۆشنگەرییەوە خورتتر کار بۆ نەهێشتنی دەکرێت و، لە ئاکارناسیی(ئێتیك)دا، وەك یەکێك لەپەسنە جیاکارەکانی مرۆڤ بەگیانلەبەری تر چاوی لێدەکرێت.
منیش دژی لەسێدارەدان (کوشتنی یاسایم)... بەو باوەڕەی کە ڕەوانییە هیچ یاسایەك بۆ ڕەواپێدانی

کوشتن بمێنێت... ئەو هەڵوێستە پەیوەستە بە بەرزەفت(کۆنترۆل)ی ئاوەز بۆ سەرلەبەری (فیزیۆ-بیۆلۆژیا)ی خودو دووركەوتنەوە لەبڕیاردان بە مۆڕال... چونکە کاتێك مرۆڤ دەگاتە ژیرویژ(لۆژیك)ی باوەڕ بە پرەنسیبێکی زۆر سادە؛ کە هەرگیز مرۆڤ نابێت ڕێگا بەخۆی بدات، هاوتوخمێکی هۆمۆساپێنس لەناوببات و هیچ پاساوو میکانزمێکی لەناوبردن ڕەوایەتی بەو لەناوبردنە نادات... لەکاتێکیشدا ئێمە دەزانین کە هۆشمەندیی مرۆڤ، لەواری ئەنترۆپۆلۆژییدا، ئەمڕۆ گەیشتۆتە ڕادەی دوانەساپێنس (ساپێنس ساپێنس)و بەرەو پلەی زۆربڵندی سیانەساپێنس (تریپڵ ساپێنس) گەشەدەکات... وە گشت تانوپۆ ئاوەزییەکانی ئاکارو ڕەوشت، بەهزرو هۆشمەندیی مرۆڤ ئاشنابوون... ئیتر مرۆڤ کۆرپەخۆو بەبێ هیچ مەرج و پاساوو ئەگەرو بەڵامێك، لەناوبردنی هەرجۆرە هاوتوخمێك بەبێ مشتومڕ ڕەتدەکاتەوە... جیاوازییەکە ئەوەیە کە مرۆڤێکی ئەوروپی ئەو هۆشمەندییە لەبەر دوو هۆکاری "چۆنیەتی و سات"، واتە تەندروستیی لە ئاوەزمەندبوون و ئەو ڕەوتە درێژە مێژووییەی پیایدا تێپەڕیوە، بە مۆڕالی موتوربە بووەو... پێویستی بە هزرزانیی و شرۆڤەی ئاوەزیی نەماوە بۆ ئەوەی بڕیارێکی لەوجۆرە بدات و، ئیتر بنەمای باوەڕە ساکارەکانی بە ژیاریی پێکدێنێت... لەکاتێکدا ئەوە لەلای مرۆڤێکی ڕۆژهەڵاتیی تەواو پێچەوانەیە ((بۆنموونە؛ هەرچەندە من بەهەست، تائاستی هەنجنکردن لەگەڵ لەناوبردنی "صدام" بووم، لەگەڵ ئەوەشدا بەئاوەزی مرۆڤویستیی تەنانەت دژی لەسێدارەدانیشی بووم)).

لەئێستەوە، قسەم لەسەر هەڵوێستەکانی بەڕێز (تاڵەبانی) دەبێت سەبارەت بەو پرسە؛ ئەو ئەوکاتەی خۆی لە بڕیاری لەسێدارەدانی (صدام) دزیەوەو لەڕێگەی "جێگرەکانی سەرکۆمارەوە" ئەو پرسەی دیزەبەدەرخۆنە کرد، ئەو وەك "رامیارێکی ئاوەزمەند" نەك " ئاوەزمەندێکی رامیاریی" ئەو هەڵوێستەی نواند!.. ئەو بەهۆی ئەندامبوونی لە سۆسیالدیموکراتی جیهانیی، هاوشێوەی ئەوروپییەکی ئاوەزمەند بڕیاری ئەو فێڵە یاساییەی نەدا... بەڵکو بەئاوەزی ئەوروپییەکان هەڵوێستی وەرگرت... واتە نەپەرچەکرداری مۆڕالیی دژە (صدام)یی خەڵك و، نە ئاوەزمەندیی ژیاریی و، نە بڕوابوون بە پرەنسیبە مرۆییەکان پشکیان لەوێدانەبوو، بەهێندەی ئەوەی پراگماتیی زیادەڕەوو بەرژەوەندخواز " بەمانا مایکیاڤیلیەکەی" ئەوهەڵوێستەی نواند، دروست وەك نموونەی [ملدانی "تورکیا" بە هەبوونی کورد لەو وڵاتە لەژێر فشاری ئەوروپییەکان!].

لەبەرئەوەیە ئەوکاتەی سەرکردەیەك ناتوانێت، نە بەئاوەزی کەسیی "خود" و نە بەمۆڕالی ئازارچەشتووی ڕۆژهەڵاتیی میللەتەکەی بڕیاربدات... ئەوا گەورەترین خەمساردیی بەرامبەر ئاوەزمەندکردنی کۆمەڵگا خۆیدەنوێنێت!.

کەدەنگۆی لەسێدارەدانی (سلطان هاشم)ی قارەمانی جینۆساید کەوتە نێو شرۆڤەکانی ڕاگەیاندن، بەڕێز تاڵەبانی هەڵوێستێکی " ناچیزتر و ناجۆرتر" دەنوێنێت کە دژی لە سێدارەدانەکەیە، بەپاساوی پەیوەندیی ڕابوردووی (سلطان هاشم) بە تاڵەبانی... کە دوایی دەرکەوت هەڵوێستەکەی تەنها پەیوەست و سێبەری خواستەکانی ئەمەریکا بوو!

... ئەوکاتە خواستەکەی بەڕێز تاڵەبانی کرایە پڕۆژەی دەستکاری بڕیاری سزادان و پێشکەش بەپەرلەمانی عێراق کرا، بەڵام مۆڕالی ڕۆژهەڵاتیی شیعەکان نەیهێشت بە "ئەرێ" بڕیاری لەسەربدرێت و بەزۆرینەی دەنگ ڕەتکرایەوە... کە دەبوایە ئەوە زەنگێکی وریاکەرەوە بوایە بۆ تاڵەبانی و زۆر لەسەر ئەو پرسە مکوڕ نەبوایە.

من وایدەبینم کەئەو دەربڕینانەی تاڵەبانی زۆر مرۆڤانەتر دەبوو، گەر بهاتباو بەباوەڕەوە بیگووتایە؛ [لەبەر دژایەتی بۆ سزای لەسێدارەدان و کوشتنی مرۆڤ "ئەو مرۆڤە هەرکەس بێت" دژی دەوەستێت]، نەك دەربڕینی وا هەڵە...

بەڕێز تاڵەبانی لەو کەسانەیە کە لەکاتی دەربڕینە رامیارییەکانی، کەمترین کات، بایەخ بە میتۆدی کارو کاردانەوە (ئاکسیۆن و ڕیئاکسیۆن) دەدات... وە چەمکە رامیارییەکانی ئەو، کەمتر وەڵامن بۆ پرس و خواستی خەڵك و هەمیشە زۆرترین پرسیار دەوروژێنن!

ئەگەر ئێمە خواستی ئەمەریکای لێدەربکەین و قسەمان تەنها لەسەر شرۆڤەی بیروڕاکەی بەڕێز تاڵەبانی بێت بۆ ئەو کەیسە... ناگووتەنە کەبلێین (سلطان هاشم) ی " ئەوسا وەزیر"، پەیوەندی بە تاڵەبانی " ئەوسا سکرتێری پارتێکی لە دەوڵەت قاچاخ " هەبووبێت، بەڵکو پێچەوانەکەی بە لۆژیك ئاشناترە!.. سەرکردایەتی یەکێتی و پارتی، سەرەڕای ترازیدیاکانی ئەنفال و هەڵەبجەیش، جار هەبووە وەڤدی بەرزیان ناردۆتە لای رژێم، کە تێیدا بەلای زۆرییەوە "گەمار" ێکی وەك (علي كيمياوی)یان بینیوە!..

جگەلەوەیش بۆ خودی بەریز تاڵەبانی، ئازایەتیەکی پاسیڤی زۆر بەجەرگانەیە کە داکۆکی نابابەتیی و نائاوەزیی و نامۆرال لە تاوانبارێکی سەرەکی ترازیدیایەکی وەک (ئەنفال) دەکات... کە ئێمە دەزانین؛ تاڵەبانی راستەوخۆ سەرکردەیەکی نەتەوەیی قوربانیەکانەو تەنانەت پاساوی ترازیدیاکەیش لای ڕژێمی بەعس لەپلەی یەکەمدا زادەی هەڤبوون و خەباتی پارتەکەی خودی تاڵەبانی بوو... کە ئەو هەڵوێستە لەباری ئاوەژوودا دەکاتە ئەوەی [ کە کەسێك هۆکاری راستەوخۆی کوژرانی کەسێکی بێتاوانی نزیك بەخۆی بێت و دوایش بەرگری لەبکوژ بکات] کە دواجار ناراستەوخۆ، ئەو رەفتارە کار بۆ وێناکردنی هەماهەنگی و دینامیەتی پرەنسیپەکانی ئامرازی کوشتن و هۆکاری کوشتن دەکات و لەمۆرالی قوربانییدا دەچنە خانەیەکەوە!... تەنانەت لە چخزی بێگوناهترین مەبەستدا ئەو هەڵویستەی بەڕێز تاڵەبانی دەچێتە خانەی، خوێ بەزامەوەکردن و ئەنفالکردنەوەی زیندووانی ئەنفال... ئەمە جگە لەوەی یەکلابوونەوەی ئەوپرسە بەپێوەرەکانی دادوەریی، چاری نیوەلا (compromise) لەخۆناگرێت و (سلطان هاشم) لە بەرەی داکۆکیکاراندا لە تاوانکارەوە دەگوازێتەوە بۆ پاڵەوان (Hero-Held)، کە ئەوەش جارێکی دی ڕەوان(روح)ی خاوەنقوربانیی زامداردەکات.

هەرچی پاساوی سۆسیالدیموکراتیی جیهانییە، کە جووتە (سوپەرسۆسیال و پاندیموکرات!) ەکەی یەکێتی و پارتی ئەندامن تیایدا، مەگەر هەر رێکخراوەکە خۆی پێکەنینی پێنەیەت! ئەگینا لە کوردستان هەمووکەس دەزانن؛ کە بەڕیزان تاڵەبانی و بارزانی، لە ساڵانی پێشوودا، ئەگەر راستەوخۆیش بڕیاری رەشەکوژیی نەیارانیان نەدابێت، ناڕاستەوخۆ ئاگاداری زۆربەی کوشتوبڕەکانی "بەجیا دژی یەکترو پێکەوە دژی خەڵکن" ... چەندە خۆیشیان بێبەریی بکەن هەمووکەس دەزانێت کە لەنێو پارتەکانیان (وما تسقطوا من ورقة إلا يعلمون).

... کە بڕیاری لەسێدارەدانەکە خرایە پەڕلەمانی عێراق بۆ پێداچوونەوە بەخواستی گۆڕین، (108) کەس لەپەڕلەمانی عێراق بەهەمان هەناسەی " تاڵەبانی" لایەنگری دەستکاریی یاسای سزادانەکە بوون، بەومەبەستەی (سلطان هاشم) رزگاربکەن... کەواتە جگە لە نەژادپەرستەکانی عەرەب "پارتییەکانیش" دەنگیان بۆ داوە... ئەمە ئەوەدەگەیەنێت؛ کە چەندە ئەو کوردانە دوورن لەمۆرال، وە بێرێزی بەو میللەتە دەکەن!. ئەگەر ئەوە جەختکردنەوەی چاپلووسی بێسنوورو یەکسەرەو زیادەڕەو نەبێت بۆ ئەمەریکاو... کارەکتەری ئەوانیش وێکچووی تاوانکاران نەبێت، وە بەمەحەکی ئاکاری رامیاریی خۆیان و چەشەبوونی ڕابوردوویان نەخەملێنرابێت، چۆن توانییان بەلایکەمییەوە بێدەنگی هەڵنەبژێرن و بڕیاری وابدەن؟!

ئەفلاتۆن (پلاتۆن 427-347 پ.ز) دەڵێت: {هەرشتێك بە زیادەڕۆیی "إفراط" خۆی لەناودەبات}... زیادەرۆیی لە دەستەونەزەری و چاپلووسیی ڕامیارەکانی کورد بۆ ئەمەریکا، زیانی زۆر بۆ دۆزی نیشتیمانیی هاوپێچ دەکات... ئێمەیش دەبێت وەك هەمیشە لەسەر تەختی " تاوڵەی" رامیاریی،

لەترسی " زارفڕێدان و جووتگرتنی" سەرکردەو، هۆشیاری دوژمنان دەست لەسەر دڵ بین... وە مەگەر مێژوو بتوانێ بۆ هەڵوێستە دوور لە ئاوەزمەندیی و مۆڕالەکانی سەرکردەکانمان ناوێکی سەیری پڕ بەپێست بدۆزێتەوە!.

sirwanb@t-online.de